سەرۆك وەزیران واژەکردنی هەکەوتنەك لەگەڵ ژاپۆن بۆ دابینکردنی دارایی کارگۆ بچووك و مامناوەندەکان هادگەیەنێت

ئەمڕۆ پێنجشەممە، سەرۆکی ئێنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، واژەکردنی هەکەوتنەکی لەگەڵ ژاپۆن بۆ دابینکردنی دارایی کارگۆ بچووك و مامناوەندەکانی ڕاگەیاند، هاوکات ئاماژەی بۆدا کە ئەم یارمەتیدەر دەبێت بۆ بوژاندنەوە و دامەزراندنی پیشەسازی نیشتمانی.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئێنجومەنی وەزیران لە ڕاگەیندراوەکدا بڵاویکردەوە " محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئێنجومەنی وەزیران ، بەیانی ئەمڕۆ پێنجشەممە کارکردنی لە پێژەی ئاشی ئیتیحاد ڕاگەیاند لە شاری مەدەتیبە لە پارێزگای بابل، کە یەکێك لە پڕۆژەکانی کەرتی تایبەت بە بەرهەمهێنانی ئاردی سفر لە ناوخۆدا و توانای بەرهەمهێنانی ساڵانەی دگاتە یەك ملیۆن تەن".

هەر بەگوێری ڕاگەیندراوەکە "سەرۆك وەزیران پێژەی فراوانکردنی کارگەی شەکری لە کەمپانیای ئیتیحاد کردەوە، دوای زیادکردنی هێڵی بەرهەمهێنانی نوێ بە بەرهەمهێنانی شەکر، بە زیادکردنی توانای بەرهەمهێنانی کارگەکە لە (4200) تەن لە ڕۆژەکدا بە (6000) تەن لە ڕۆژەکدا".

هەروەها ئاوێش هاتووە کە "لە وتارەکیدا، سودانی ئاماژەی بۆ کرد ئەم پشکۆتنە بە چیرەکەکی سەرکۆتن دادنرێت لە کەرتی تایبەتدا و جەختی لە پشتیوانی بە سنووری حکومەت کردەوە لە پێناو هەڵی کاری زیاتردا، چونکە لە ئێستادا چالاکییەکانی کەمپانیاکە نزیکەی 4000 دەرفەت لەخۆدەگرێت، جگە لە

زیادکردنی بەرهەمهێنان و دابینکردنی زیادکەی لە داهاتوودا بۆ هێنانەکردن بە دژۆی عێراق".

بۆ گۆڕینی راگەیندراوەکە" سەرۆك وەزیران داوای لە بازرگانان و کەمپانیاکانی کەرتی تایبەت کرد سوود لەو دەرفەتە وەبەرهێنانانە و ئەو گرێنتییە سەرۆریانە وەربگرن کە لەلایەن دەوڵەتەوە پێشکەش دەکرێت لە ڕێگەی یاسای بودجەی سێ ساڵیەوە، هەروەها واژەکردنی ڕێککەوتنکی لێگەڵ ژاپۆن ڕاگەیاند بۆ دارایی کردنی پڕۆژە بچووك و مامناوەندەکان بۆ بڕی 300 ملیۆن دۆلار، کە یارمەتیدەر دەبێت لە بوژاندنەوە و دامەزراندنی پیشەسازی نیشتمانی".

جێگای باسە کەمپانیای ئیتیحاد بۆ پیشەسازی خەراکی سنوردار لە پارێزگای بابل بە یەکێك لە گەورەترین کەمپانیاکانی پیشەسازی لە عێراق دادەنرێت و شەش کارگە لەخۆ دەگرێت ئەوانیش: کارگەی پاکاوتنی شەکر و کارگەی پاکاوتنی ڕۆنی ڕووکی و کارگەی بەرهەمهێنانی ئاڤی ڕووك و کارگەی دەرهێنانی سۆیا وکارگەی بەرهەمهێنانی پرەمیکس و کارگەی وشککردنەوەی گەنمە شامی زەرد".